# نامەیەک لە (عەتا نەهایی)یەوە

**ئا: سەرنووسەر**

**لە (عەتا نەهایی)یەوە**

**برای شیرین و ئەدیبی خۆشەویست بەڕێز کاک ئـازاد عەبدولواحید**

دوای سڵاو و ڕێز و حورمەتم بۆ خۆتان و قەڵەمی بە بڕشتتان و تەقەلای دڵسۆزانەتان بۆ فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، بە ئەرکی سەرشانی خۆمی ئەزانم کە بۆ دەرکردنی ١٧ ژمارە گۆڤاری نازدار و ڕەنگینی ڕامان کە بە هەق لە هەموو بارێکەوە لە هەموو گۆڤارە ئەدەبییەکانی کوردی و فارسی جوانتر و ڕازاوەترە، پیرۆزبایی لە ئێوە و هاوکاران و هاوڕێیانتان بکەم و بە شانازییەوە ڕایگەیەنم کە لە دڵی هەموو خوێنەوارانی کوردستانی ئێرانیش جێی خۆی کردووەتەوە، هەروەها بەش بە حاڵی خۆم بۆ ناردنی زۆربەی ژمارەکانی ڕامان و کتێبەکانی جەنابتان لە دڵەوە سوپاستان بکەم و ئەمەگ و پێزانینی خۆمتان پێ ڕاگەیەنم.


بەڕێز گیان، کەم و زۆر ئاگاداری بیروڕای جەنابتان بۆ پتەوکردنی پێوەندی ئەدەبی لەنێوان ئەدیبانی ئەو دیو و ئەم دیودا هەم و ڕێز بۆ ئەو هەست و ڕایە دڵسۆزانە (یە)تان دائەنێم و بەش بە حاڵی خۆم بە باوەشی گەرمەوە بە پیر ئەو پێویستییەوە دێم، هەروەها دڵنیام کە خۆشەویستانی ئەدیب و شاعیری دیکەش بە تواناتر و دڵگەرمتر لە من هەست بەو پێویستییە ئەدەبی و فەرهەنگییە ئەکەن و دوور لە هەموو هەراوهوریایەکی غەیری ئەدەبی و غەیری فەرهەنگی ئامادەی پێوەندی گرتن هەن، هیوادارم ئەو تەقەلا گشتیانە شوێن پەنجەی خۆی دانێ.

برام گیان، دوا (ی) بڵاوکردنەوەی وتووێژەکەم لە (ڕامان)دا (١)، لەنێو ئەو گشتە وتار و نووسینە جوا (نا)نەدا، ئەوا کۆمەڵە چیرۆکی زریکە و تەنگانەم (٢) ناردە خزمەتتان، ئەگەر بە سەڵاحتان زانی هەر کامەیانتان بە دڵ بوو لە (ڕامان)دا بڵاویان بکەنەوە، تا دوا (ی) ئەوە خوێندەواران نموونەی ئەو کارانەیان دی- کە دڵنیام زۆربەی هەرە زۆریان نەیاندیوە- چیرۆک، یان بەش گەلێک لە ڕۆمانەکانم بنێرمە خزمەت.

هیوادارم ئێوە و خوێنەوارانی زیرەک و تێگەیشتوو ڕا و بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو تەقەلایانە دەربڕن و من و خوێنەرانیش کەڵک لەو بیروبۆچوونانە وەربگرین، هەروەها چەند ساڵێک لەمەوبەر شیعرێکی پشوودرێژی (ئۆکتاڤیۆ پاز) شاعیری بەناوبانگی ئەمریکای لاتینم لە زمانی فارسییەوە

وەرگێڕاوەتـەوە و سـێ چـوار سـاڵ لەگەڵـیدا ژیـاوم. دڵنیـام ئێـوەش ئاگاتـان لـە کارەکانـی (پـان) هەیـە و شـیعری (بـەردی هەتـاو)(٣)، یـان (بـەردی تـاو) تـان خوێندۆتـەوە و دەزانـن چ شـاکارێکی کـەم وێنـەی ئـەم سـەردەمەیە.

مـن تەنیـا لەپێنـاوی حـەز و ئـارەزووی خـۆم و چێژێـک کـە لەو شـیعرەم وەرگرتـووە، وەرمگێڕاوەتەوە، ئەگەرچـی زۆربـەی شـاعیران و دۆسـتانی ئێـرە دیتوویانـە، بـەڵام تـا ئێسـتاش دڵـم نەهاتـووە لـە هیـچ گۆڤارێکدا چاپـی بکـەم. شـیعرەکە بـە زمانـی فارسـی لـە نزیکـەی ٤٠ لاپـەڕەی کتێبـی قـەوارە ڕوقعـەدا بووە. ئەگـەر بـە پێویسـتتان زانـی و ئیمکانـی ئەوەتـان بـوو بـە شـێوەی کتێبێکـی بچـووک لـە چاپـی بـدەن، یـان لـە ژمارەیەکـی (ڕامـان)دا جێگـەی بـۆ بکەنـەوە، ئـەوا دواتـر دەینێرمـە خزمەتتـان، ئەگەریـش ئیمکانـی ئەوەتـان نەبـوو، یـان لـە هەلومەرجـی ئێسـتەدا بـە پێویسـتتان نەزانـی، ئـەوا وازی لـێ دەهێنیـن و بیـر لـە پرۆژەیەکـی تـر دەکەینـەوە.



دیسـانەوە بـۆ هەمـوو هـەوڵ و تەقەلا پیرۆزەکانتان دەستخۆشـانە لـە خۆتـان و هاوڕێیانتـان دەکـەم و لەپێنـاوی خزمـەت بـە فەرهەنـگ و ئەدەبـی کـوردی ئاواتـی سـەرکەوتنتان بـۆ دەخـوازم.

**برات- عەتا**

**ئیمزا**

**پەراوێزەکان:**

(١) ئـەم وتووێـژە لـە ژمـارە (١٧)ی سـاڵی ١٩٩٧ی گۆڤـاری (ڕامـان)دا بڵاوکراوەتـەوە کـە ژمارەیەکـی تایبـەت بـە چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمانـی کـوردی بـوو.

(٢) زریکـە و تەنگانـە: دوو کۆچیرۆکـی (عەتـای نەهایی)ن.

(٣) شـیعری بـەردی هەتـاو کـە لـە فارسـییەوە کردبوویـە کـوردی، لەبـەر ئـەوەی دەسـتی دوو بـوو، ئێمەش هەر لە سـەرەتای کارمانەوە وەرگێڕانی دەقی شـیعر و چیرۆکمـان لـە دەسـتی دوو وەرنەدەگـرت، بۆیـە ئـەو وەرگێڕانەمـان بڵاونەکـردەوە، چونکـە لـە گۆڤـاری (ڕامـان)دا ئـەوە بووبـووە نەریتێـک، دواتـر د. موحسـین ئەحمـەد عومـەر ڕاسـتەوخۆ لـە زمانـی فەرەنسـییەوە وەری گێـڕا و لـە ژمـارە (١٩)ی سـاڵی ١٩٩٨، ل٩٢ - ٩٥، لـە گۆڤارەکەمانـدا بڵاومـان کـردەوە.